# نەك بێژەر، حەز دەكات وەكو شێوەكاریش بناسرێت



هەر لەمنداڵییەوە بێژەریی ببووە یەكێك لەخەونەكانی ئەو، بەڵام ئەو خەونە تاساڵی (٢٠٠٠) نەهاتەدی، هەر لەو ساڵەداو لەگەڵ چوونی بۆ زانكۆ بوو بەبێژەر لەتەلەفزیۆنی گەلی كوردستان.

سەرەتا هاورێیانی تەلەفزیۆن، نەیانزانیوە كەخوێندكارە، بەڵكو وایانزانیوە كەخوێندنی تەواوكردووە، بەڵام دوای ئەوە كەزانییان ئەركی خوێندنی لەئەستۆیە بۆیە زۆر یارمەتیاندا تا بتوانێت هاوسەنگییەك لەنێوان هەردووكیاندا دروستبكات.

نیان عەلی لەسەرەتای بێژەرییدا زۆر لەكامێرا دەترسا، ئەگەرچی تائێستا نزیكەی شەش ساڵ بەسەر كاری بێژەریی ئەودا تێپەڕیكردووە، كەبێژەری هەواڵ و ئاگادارییەكانە، بەڵام تائێستاش وەكو خۆی ئاماژەی پێكرد بەشێوەیەك لەشێوەكان ئەو ترسەی لەدڵدا ماوە.

ئێستا نیان مامۆستای بەشی سیرامیكە لەپەیمانگەی هونەرە جوانەكانی سلێمانی، هۆكاری بوونی بەمامۆستایش بۆ ئەوە گەڕاندەوە كەدەیەوێت زیاتر گرنگی بەكارە هونەرییەكانی بدات و تواناكانی بخاتەڕوو.

نیان ئێستا سێ ئەركی لەسەرشانە كەئەوانیش مامۆستایی ، بێژەریی و ئەركی دایكایەتیشە، هەربۆیە زۆر سوپاسی هاوسەرەكەی دەكات كەزۆر یارمەتیدەرو هاندەریەتی بۆ بەردەوام بوون لەكارەكانیدا.

ئەو هەمیشە خۆی بەقەرزارباری تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان و مامۆستاكانی لەزانكۆی سلێمانی دەزانێت كە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا یارمەتیدەری بوون تا بتوانێت درێژە بەكاری بێژەرییەكەی بدات و لەخوێندندا سەركەوتوو بێت.

لەكۆتاییدا نیان هیوای خواست نەك تەنها وەكو بێژەر بناسرێت، بەڵكو وەك شێوەكارێكیش بناسرێت، چونكە هونەرەكەشی زۆر خۆش دەوێت.

**كۆسار عوسمان**